# کورد و ئەویترەکانی

ماردین ڕەحیمنژاد

”

ژینگەی سیاسیی کورد بەرهەمی ئەویدییەکانی ئیسلامی-عەرەبی، ئیسلامی/فاشیستی-تورکی و ئیسلامی/فاشیستی- ئێرانی پارسییە و هەر لەبەر ئەوە ژینگەیەکی ئاڵۆزە و فەزای درووست بوون و سەقامگیربوونی "منی کوردی"یان ئەستەم کردووە و کورد ناچارە لە نێوان ئەویدیی نزیک و ئەویدیی دووردا، لەگەڵ ئەویدیی دووردا بچێتە ناو دیالۆگێکی فەلسەفی و ژێئۆستراتژیک و ژێئۆکاڵچێرییەوە و ژینگەی سیاسیی خۆی لە ئاراستەیەکدا بخوڵقێنێت و بەرژەوەندییەکانی بەچەشنێک دابڕێژێت کە متمانەی ئەویدیی دوور بۆ لای خۆی ڕابکێشێت و لەڕێگای ئەویدیی دوورەوە بوار بۆ بڕوا بەخۆ بوون و سەقامگیربوونی "منی کوردی" برەخسێنێت.

“

*ئەبینرێم، کەواتە هەم.*
*"سارتێر"*

## پوختەی وتار

هەوڵ و تەقەلای نەتەوەی کورد بۆ ساقکردنەوەی شوناسی نەتەوەیی خۆی لە دۆخی بندەستی و کۆیلەیی و نەبووندا لە بەر هۆکارگەلی پیلانگێریی بەردەوامی کۆلۆنیالیزمی ئێرانی (فارسی-شیعی) و تورکی و دۆخی نێودەڵەتی و هەروەها دۆخی ناوخۆیی کورد پرۆسەیەکی گەلێک ئەستەم و دژوارە. کۆلۆنیالیزم بۆ هەتەهەتایی کردنی بندەستیی کورد و درێژەدان بە باڵادەستیی خۆی بەردەوام پرۆژەکانی ئاڵوگۆڕ پێدەکات و نوێیان دەکاتەوە و بەرفراوانیان دەکات بۆ ئەوەی ئیزن بە ئەویدییەکەی خۆی(واتە کورد) نەدات کە لە دەرەوەی پانتای ئێرانییەتدا ژینگەی سیاسیی خۆی بونیات بنێت و بەجۆرێک کاریگەری لەسەر زێهنییەتی کوردی دابنێن کە لە چوارچێوەی ئایدۆلۆژیای ئێرانیدا شوناسی سیاسی بۆ پێناسە بکات و لەناو دەوڵەت-نەتەوەی ئێرانیدا بیتوێنێتەوە. بە پێچەوانەی کۆلۆنیالیزمی تورک کە یەکرا کورد ڕەت دەکاتەوە، کۆلۆنیالیزمی ئێرانی ڕەتی ناکاتەوە، بەڵکوو وەخۆی دەگرێت و وەکوو "منی ئێرانی" ناسنامەی بۆ ساز دەکات و ئەو کوردەی کە ناچێتە ژێر باری ئەم ناسنامەوە، بە هەڕەشەی نزیک و مەترسی سەرەکی دەزانێت و چڕوپڕترین هێرش و پیلانگێری لە دژی دەکات، هەر لەبەر ئەوەیە کە بزاڤی نەتەوەیی کورد و گوتاری نەتەوەیی زۆرترین هێرشیان دەکرێتە سەر و هەموو پیلانگێرییەکانیان لە ئاراستەی لاواز کردنی دیسکۆرسی نەتەوەیین کە ئەم ڕۆژانە لە گەشەسەندنێکی بێوێنەدایە.

## وشە گرینگەکان

ئەویتر، ئەویتری کورد، ئایدۆلۆژیای ئێرانی،کۆلۆنیالیزمی ئێرانی.

ئەویتر واتای چییە؟ ئایا کوردیش ئەویتری هەیە؟ ئەویترەکانی کورد کێن؟ ئایا کورد لە ئاوێنەی ئەویترەوە خۆی دەناسێتەوە یان ئەویتر بەربەستە لە ناسرانی کورد؟ ئایا کورد هەر بەگشتی پێویستی بەویدی هەیە؟ جێگە و پێگەی ئەویتر لە لای کورد چییە؟ ئایا کورد توانیویەتی ئەویترەکانی خۆی دیاری بکات یان هێشتا لە ڕوانگەی ئەویترەوە، ئەویترەکانی دیاری دەکات؟ بۆچی کورد ئەویترەکانی لێ ون دەبێت و ناتوانێت هێڵی نێوان خۆی و ئەویدی بەڕوونی بکێشێت؟ ئایا کورد دەتوانێت لە پانتای ئەویترەکانیدا کوردایەتی بکات؟

لەم وتارەدا هەوڵ ئەدەم بەپێی ڕوانگەکەی میخائیل باختین ئاورێک لەسەر کورد و ئەویترەکانی بدەمەوە.

دەتوانین بڵێین میخائیل باختین یەکێک لە یەکەم فیلسوفەکانە کە بە ڕوونی و بەتایبەتی لەبارەی "ئەویدی"یەوە لە حەوزەی ئەدەبیاتدا کاری کردووە و لە ناو تێکستەکاندا ئەو تێکستانەی بە بەهێز و شیاو زانیوە کە لۆژیکی وتووێژ و چەند دەنگی لەناویدا ببینرێت و تێکست دوور بێت لە هەرچەشنە تەک بێژی و تەک دەنگییەک.

لەڕوانگەی باختیندا، لۆژیکی وتووێژ بەرهەمی تایبەتمەندیگەلێک وەکوو چەند دەنگی، چەند زمانی، کارناواڵ، کرۆنۆتۆپ و ...یە. بە پێچەوانەی کانت کە دەیگوت(( من بیر دەکەمەوە، کەواتە هەم)) باختین دەڵێت (( تۆ هەیت، منیش هەم)).[٢] ڕوانگەی باختین بۆ شرۆڤەی تێکست، ڕوانگەیەکە کە دەکرێت ئێمەیش بەکاری بێنین بۆ تەڵەی دۆخی "کورد و ئەویدییەکانی" و ناسینی ئەو هەوڵ و کۆت و بەندانەی ڕێگرن لە ڕزگاربوونی کورد لە پانتای ئێرانیدا.

ڕوانگەکانی باختین سەبارەت بە ئەویدی دەگەڕێتەوە بۆ بوونی ئەویدی لەناو دەق و تێکستدا و تا ڕادەیەکیش نزیکە لە




ڕوانگەکەی جولیا کریستۆڤا کە لە دەلاقەیەکی دەروونشـــیکارییەوە دەق شـــرۆڤە دەکات. باختێتین دەڵێت((کاری ســـەرەکی نووســـەر ئەوەیە کە لەگەڵ خۆی ببێتە ئەویدی " واتە لەگەڵ خـــۆی نامۆ بێت" تـــا بتوانێت خۆی لەڕوانگەی ئەویدییـــەوە ببینێت)). [٢] لێرەدا باختێتیـــن بەجوانی پەنجەی ئامـــاژە ئەخاتە سەر ئەو خاڵە کە ئەویدیی کورد تووشی بووە و ناتوانێـــت بۆ چرکەســـاتێکیش بێت واز لە دەمارگـــرژی بێنێت و لە فەزای فکریی خۆی دوور بکەوێتەوە و لەڕوانگەی ئەویدییەکەیەوە (کورد) ئێرانییەت و ئایدۆلۆژیای ئێرانی سەیر بکات.

## بۆچی "منی کورد" شکڵ ناگرێت؟

"مـــن" لە ڕوانگەی خۆوە لە قووڵایی دەروون و باکگراوەنـــدی بیـــر و زەینـــی مرۆڤدایە و دەرخـــەری خولیا و ئاواتـــی مرۆڤە بۆ خۆی.

هەر منێک بــۆ ئەوەی بگاتە ئاســتی بڕوا و سەقامگیری و شوناســدار بکرێت، پێویستی بەوە هەیە کە ئەویدیش ئیعترافی پێ بکات.

گاردینێر دەڵێت: "ئێمە بەتەنیایی ناتوانین خولقێنــەری دنیای خۆمــان بین، هەروەکوو چۆن ناتوانین بە کێشانی قژی خۆمان، خۆمان لەسەر زەوی بەرز بکەینەوە". [۹]

ژینگــەی سیاســیی کــورد بەرهەمــی ئەویدییەکانی ئیســلامی-عەرەبی، ئیسلامی/فاشیســتی-تورکی و ئیسلامی/فاشیســتی-ئێرانی پارسییە و هەر لەبەر ئەوە ژینگەیەکی ئاڵۆزە و فەزای درووست بوون و سەقامگیربوونی "منی کوردی"یان ئەســتەم کردووە و کورد ناچــارە لە نێوان ئەویدیــی نزیک و ئەویدیی دووردا، لەگــەڵ ئەویدیــی دووردا بچێتە ناو دیالۆگێکی فەلســەفی و ژێئۆســتراتژیک و ژێئۆکاڵچێرییەوە و ژینگەی سیاسیی خۆی لە ئاراستەیەکدا بخولقێنێت و بەرژەوەندییەکانی بەچەشنێک دابڕێژێت کە متمانەی ئەویدیی دوور بــۆ لای خۆی ڕابکێشــێت و لەڕێگای ئەویدیــی دوورەوە بوار بــۆ بڕوا بەخۆ بوون و سەقامگیربوونی "منی کوردی" بڕەخسێنێت. منــی کورد ئەبێت لــە پانتایەکــی کوردیدا بونیاد بنرێت و لــە پانتایەکی کوردیدایە کە دەتوانێت بەرژەوەندییەکانی پێناســە بکات و هەوڵی پاراستنی شوناسی خۆی و پەرەدان بە دیسکۆرسی نەتەوەیی و گەشەسەندن بدات، بەڵام دەبێت ڕێگاچارەیەک بۆ تەعامول لەگەڵ دەوروبەریدا بدۆزێتەوە کــە دانی پێدا بنێن، چوونکە لە کۆتاییدا مرۆڤەکان و کۆمەڵگاکان دەبێت پێکەوە لە پەیوەندیدا بن.

هــەر وەکــوو چــۆن ئاگامبیــن دەڵێت((مرۆڤــەکان ژیانیان پێکــەوە تێکەڵە بە پێچەوانەی ئــەو ڕەوە مانگایەی کە تەنها لە یــەک لەوەڕگە پێکــەوە دەلەوەڕێن)). [۱] مرۆڤەکان کاریگەرییان لەســەر یەکتر هەیە و دەتوانــن ڕەوتــی ژیانــی یەکتر تووشــی گۆڕانــکاری بکەن و تەنانــەت کۆمەڵگە یان نەتەوەیــەک دەتوانێــت ببێتــە هــۆکار کە نەتەوەیەکی تر لەســەر گۆی زەوی بسڕێتەوە یــان بەپێچەوانە ببێتە هــۆکاری بووژانەوە و بەهێزبوونــی نەتەوەیەکی تر. هەروەکوو چۆن دوای شــەڕی دووهەمی جیهانی بە پرۆژەی مارشاڵی ئەمریکی وڵاتی ئەڵمانیا لە وڵاتێکی وێرانەوە بوو بە ئەڵمانی ئەمڕۆ.

کاتێــک دەگەڕێنــەوە بــۆ بونیادەکانی ئێرانییــەت و فەلســەفەی درووســتبوونی ئێــران و مێژوو و ئــەو چیرۆکانەی دەوڵەت-نەتــەوەی ئێران(فارس)یــان لەســەر بونیاد نــراوە، بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێت کە ئێران لەســەر سڕینەوەی کوردی مادی بونیاد نراوە و تا کاتێــک هزر و ئایدۆلۆژیای ئێرانی واتای دەبێــت کە ئیــزن بە ســەرهەڵدان و بوونی ئەویدییەکەی(واتە کــورد) نەدات و نەخۆی دانی پێدا بنێ نە ئیزن بدات دانی پێدا بنرێ.

هەروەکوو چۆن ویســتهۆفر دەڵێت ((لە بنەڕەتدا فارســەکان خۆیان لە دژی مادەکان پێناسە دەکرد)). [۸]

یان هێرش قادریش پێی وایە (( بنەمای ئیمپراتــۆری هەخامەنشــیی ئێرانی لەســەر ڕەتکردنەوەی مــادەکان و لە بەرانبەر ئەواندا درووست بوو)). [۸]

لەدرێــژەدا هێــرش قــادری دەڵێــت ((بنەمای ئیمپراتۆرییەتی فارس تەنیا لەسەر بنەمای فەتح نەبوو، بەڵکــوو بە تاڵانکردن و کۆیلەکردنی مادەکان دروست بوو، بەڵام بەس نەبوو و، کورش بە هاوکاری لەگەڵ زەرتەشت و قەشــەکانی ئایینەکانی تر، مادەکانی وەک نەتەوەیەکی ڕقلێبــوو، بێزراو، خراپە، ئەژدیها و ... هتد ناســاند. بە دەستبەســەرداگرتنی هەموو ئاییــن و ئاهەنگەکانی مادی و پێدانی ناوەڕۆکی ئێرانی، مادەکانی نە تەنیا لە ڕووی ســەربازییەوە بەڵکو لەڕووی فەرهەنگیشەوە چەک کردن)). [۸]

ویدگێرن دەڵێت (( ڕقێکی توند لە نێوان مادەکان و فارســەکاندا هەبــوو)). [۸] ئەو ڕقە

کە نێوان کورد و فارســدا هەیە ڕقە لەنێوان داگیرکەر و داگیرکراودا. داگیرکەر دەیهەوێت داگیرکــراو بــە داگیربوویــی بهێڵێتــەوە و کۆلۆنیزەی بکات بۆ بەردەوامیی خۆی و ئیزن نەدات "منی کوردی" لە دەرەوەی زێهنییەتی ئێرانی شکڵ بگرێت"، داگیربوویش دەیهەوێت کۆتایــی بە دۆخی کۆیلایەتی بێنێت و "منی حەقیقی کورد" لە دەرەوەی فۆرمی دڵخوازی ئەویدییەکانیدا، شکڵ پێبدات.

لێــرەدا جارێکی تــر دەگەڕێمەوە ســەر ڕوانگەکەی باخێتین بۆ ئەوەی شــرۆڤەیەکی کورتــی دەقی شــانامە کە مانیفێســتی پان ئێرانیزمە، بکەم و بزانین لە مانیفێســتی پان ئێرانیزمدا "ئەویدی" باســی لێوە کراوە یان لە بەرانبەر ئەویدیدا لە چیرۆکەکانی شــانامەدا چ لۆژیکێک لەئارادایە. لەگەڵ ئەویدیی شانامەدا لۆژیکی وتوویژ لە ئارادایە یان لۆژیکی سڕینەوە؟

باخێتیــن دەڵێــت ((وتوویژەکانــی ناو تێکست لە بنەڕەتدا نمایش کردنەوەی ئەسڵی بنەمایی "ئەویدی قەبوولکردنە". بەپێچەوانەی ئایدۆلۆژیا کە ئەویدی ڕەت دەکاتەوە، چەمکی ئەویدی لەگــەڵ چەمکی دیالــۆگ تێکەڵاو دەبێــت. دیالۆگ بەواتای ئــەوە نییە کە من بوونــی کەســێکیتر وەردەگــرم، بەڵکوو زۆر ســەرترە لەوە، دیالۆگ بە واتای شــکاندنی ڕۆڵی ســەرتر و دیاری منــە، بەجۆرێک کە ئەویدییش کەســێکی هاوســەنگی من بێتە ئەژمــار بەبێ ئەوەی لە پەرزەوانی ئیدئۆلۆژیی منەوە تێپەڕێت و قسەکانیشی ببیسرێت)). [٢]

هەموو ئێرانپەرستەکان، فیردەوسی وەکوو باوکی ناســیۆنالیزمی فارس پێناسە دەکەن و هەر وەکوو هەموویشــتان ئاگادارن شانامەی فیردەوســی کۆمەڵە شێعرێکی حەماسین کە تەک دەنگی و تــاک ڕەهەندی و تاک بێژی بەســەریدا زاڵە. نەتەوەی فــارس بەرهەمی ئەم تێکســتە حەماســییە تاک دەنگ و تاک بێژییەسە و لەگەڵ لۆژیکی وتوویژ و دیالۆگدا نامۆیە و لۆژیکی وتوویژی باخێتینیش کاتێک واتای هەیــە کە بوونی ئەویــدی بە فەرمی بناســرێت کە لە مانیفێســتی پــان ئێرانیزم واتە شــانامەدا نــەک بەفەرمی ناناســرێت، بەڵکوو بەردەوام دەکوژرێت. سەرتاپای شانامە چیرۆکــی ڕۆســـەمی زاڵ و زۆراب و ئارەش و... کە هیچ چەشــنە لۆژیکێکــی وتوویژ لە چیرۆکەکاندا نابینرێت و بەردەوام پاڵەوانەکان ئەویدییەکانیــان لــەت و پار دەکــەن و لە کۆتاییشــدا تاکە دەنگ کە دەبینرێت، دەنگی قارەمانەکانــە و تاکە کەســیش مافی بوون و شیاوەتی بەرز کردنەوەی هەیە، قارەمانەکانی شــانامەن. ئەو تێکســتەی تاکی فارسی پێی گۆچ کراوە و باکگراوەندی زێهنی پێی شــکڵ دراوە، تێکســتێکی تاک زمــان و تاک بێژ و ئەویدی کــوژە. هەر لەبەر ئــەوە عەقڵییەتی ئێرانــی دیکتاتۆرخێز و دۆگمــە و بەدرێژایی مێژوو ئەویدی پێ قەبووڵ ناکرێت و بەردەوام لەجیاتــی ئــەوە دان بەویدییەکانیدا بنێت و لەگەڵیــان بکەوێتە وتوێژەوە، دەیانســڕێتەوە و لەناویان دەبات، مەگەر ئەوە کە لە ئاســت ئەویدییەکەیدا هەست بە بێدەسەڵاتی بکات.

ئەگەر لێرە بگەڕێینەوە بۆ شێوازی شرۆڤە کردنی دەقی شــانامە و باقی دەقەکانیدیکەی ئێرانــی لەڕوانگــەی جولیا کریســتۆڤاوە کە بریتییە لە ڕەخنەی دەروونشــیکاریی دەق بۆ ئاشکرا کردنی ئەجێندا و مەیلە شاردراوەکانی نێو دەق، بەڕوونی بۆمان دەردەکەوێت کە لە نێو شانامە و باقی دەقە ئێرانییەکاندا مەیلێکی کۆلۆنیالیســتی بۆ داگیر کردنــی ئەویدی بۆ ئەوە بیکاتە ملک و کۆیلە لە زێهنییەتی فەڕی شــاهیدا و بڕوا بە خوێنــی پاکی حۆکمڕانی ئێرانی بهێنێت و لە کۆتاییدا لەناو ئایدۆلۆژیای ئێرانیدا بتوێتەوە. لــە ئایدۆلۆژی ئێرانیدا ئەو شتەی گرینگی هەیە جوگرافیا و ئاو و خاکە و مرۆڤ لە فەلسەفەی سیاسیی ئێرانیدا هیچ واتایێکی نییە و تا کاتێک مرۆڤ بایەخی هەیە کە کۆیلایەتی فرمانــڕەوای قەبووڵ کردبێت و ئامــادە بێت نەک خاک بەڵکوو گیانیشــی


پێشـــکەش بە فەرمانـــڕەوا بـــکات و، ئەگەر هاتوو ئامادە نەبوو بەو شـــێوە هەڵســـوکەوت بکات و هەموو شـــتێکی پێشکەشی فرمانڕەوا بکات، ئـــەوە بە واتـــای سەرکێشـــی و جیا بیری و هەڕەشـــە بۆ دەســـەڵاتی فرمانڕەوا و جیاکردنـــەوەی خاکی ژێـــر فرمانی فرمانڕەوا دێت و دەبێت بە توندترین شێوە ڕووبەڕووی ببنـــەوە. لـــە ئایدۆلۆژیای ئێرانیـــدا ناوەندی گـــەردوون، فرمانڕەوای ئێرانییە و هەموو دنیا لە بەرانبـــەر فرمانڕەوای ئێرانیـــدا بچووک و بێنرخن و شـــیاوەتی ئەوەی هەیە کە بۆ هەر لایێک بیهەوێت پەل بهاوێژێت. هۆکاری ئەوە کە ئایدۆلۆژی ئێرانی ناتوانێت دیموکرات بێت و هەموو دەسەڵاتێک دەچێتەوە لای فرمانڕەوا ئەوەیـــە کە ئـــەو وڵاتە بەرهەمـــی نەتەوەی حاکمە و نەتـــەوەی حاکمیش جوگرافیایێکی وشـــک و بێ ئاو و بێکەڵکی هەیە، هەر لەبەر ئەوە نەتەوەی باڵادەســـت بەردەوام هەست بە مەترســـی ئەکات بۆ داهاتوو و بۆ لەدەستدانی دۆخی باڵادەستیی خۆی و کەوتنە مەترسیی ئاسایشـــی خۆراکیان. لەبەر ئـــەوە نەتەوەی باڵادەســـت وەکوو وردبینێـــک (زەرەبین) کە چۆن تیشکی خۆر لە یەک خاڵدا خڕ دەکاتەوە و دەتوانێـــت هێـــز و توانـــای تیشـــکی خۆر سەدانجار زیاتر بکات، بەو شێوازیشە فرمانڕەوا لە ئایدۆلۆژیای ئێرانیدا خاڵی کۆکەرەوەی هێز و دەســـەڵاتە بۆ ئەوە ئیرادەی خۆیان بەسەر ئەویدیەکانیاندا بسەپێنن و ملکەچیان بکەن و دەســـت بگرن بەســـەر جوگرافیـــا و ئاو و خاکیاندا.لە واقیعـــدا فرمانڕەوا لە ئایدۆلۆژیای ئێرانیـــدا دیکتاتۆرێک نییە کـــە خۆی فەرز کردبێت بەســـەر کۆمەڵگادا، بەڵکوو فرمانڕەوا مستەکۆڵەی ئاســـنینی نەتەوەی سەردەستە بۆ مســـۆگەر کردنی باڵادەســـتی و پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانیان. فرمانڕەوای دیکتاتۆر بەرهەمـــی هـــزر و فەلســـەفە و عەقڵییەتی سیاسیی ئێرانی(فارس)ـــە لە وڵاتێکی چەند نەتەوەییـــدا کە هیچ باکگراوەندێکی مێژوویی و هیچ هەســـتێکی هاوبەشـــیان نییە و تەنیا دەبێت بە زەبری هێز و مستەکۆڵەی ئاسنین وڵات کۆنترۆڵ بکرێـــت و نەتەوەکان ملکەچ بکرێن. هەر لەبەر ئەوە عەقڵییەتی سیاســـیی ئێرانی بە ڕووخانی دیکتاتۆرێک بە پەلە بیر لە ســـازکردنی دیکتاتۆری جێگر دەکاتەوە نەک سیستمی دیموکراتیک.

ســـەیری ئەو چەند شـــێعرەی فردەوسی بکەن کە بە چ شـــێوازێک فرمانڕەوا ســـتایش دەکات و ڕۆڵی خودایی پێدەبەخشێت. کاتێک دەروونشیکاریی دەقی ئەم شێعرانەی فردەوسی دەکەین بەڕوونـــی بۆمـــان دەردەکەوێت کە ستایشی فرمانڕەوا لەم شـــێعرانەدا، ستایشی مســـتەکۆڵەی ئاســـنینی فارس و ستایشـــی هێزی ئەوانە کە لە یەک کەسدا کۆ بووەتەوە. چوونکە لە تەواوی شـــانامەدا ئەو دەسەڵاتانە کە هی پارســـین بەردەوام بەو چەشنە کە لەو شێعرانەدا هاتووە ستایش دەکرێن و دەسەڵاتی مـــادەکان ســـەرکۆنە دەکرێت و ئاســـتیاگ دەکرێتە ئەژدیهاک و زەحاکی خوێنمژ.

هەروەکوو چۆن لە شـــێعرەکەدا دەبینن فردەوســـی هێندە شـــکۆی پادشـــا لە بیر و زەوینی مرۆڤـــدا بە مەزن وێنا دەکات کە هەر بە منداڵی ناوی پادشـــا دێتە ســـەر زاریان و سەری بەندایەتی بۆ دادەنوێنن.

ستایش انوشهروان امیر منصور
سراســـر جهان پیش او خوار بود
جوانمـــرد بـــود و وفـــادار بـــود

اندر ستایش سلطان محمود
گفتار اندر ستایش سلطان محمود
چنـــو مرزبانـــی نیامـــد پدیـــد
جهـــان آفریـــن تا جهـــان آفرید
زمین شـــد به کـــردار تابنده عاج
چو خورشـــید بر چرخ بنمود تاج
کـــزو در جهـــان روشـــنایی فزود
چه گویم که خورشید تابان که بود





نهاد از بـــر تاج خورشـــید تخت
ابوالقاســـم آن شـــاه پیروزبخـــت
پدیـــد آمـــد از فـــر او کان زر
زخـــاور بیاراســـت تـــا باختـــر
به مغز اندر اندیشـــه بسیار گشت

...

چو کودک لب از شیر مادر بشست
ز گهـــواره محمود گوید نخســـت
نپیچد کســـی ســـر ز فرمان اوی
نیـــارد گذشـــتن ز پیمـــان اوی
تو نیز آفرین کـــن که گوینده‌ای
بـــدو نـــام جاویـــد جوینـــده‌ای

......

جهان بیســـر و تاج خســـرو مباد
همیشـــه بمانـــاد جاوید و شـــاد

کیومرس

کیومرس شـــد بر جهان کدخدای
نخستین به کوه اندرون ساخت جای

...

دد و دام و هـــر جانور کش بدید
ز گیتـــی بـــه نزدیـــک او آرمید

جمشید

کمـــر بســـت بـــا فر شاهنشـــهی
جهان گشت سرتاســـر او را رهی
زمانـــه بـــر آســـود از داوری
بـــه فرمان او دیو و مـــرغ و پری
جهـــان را فـــزوده بـــدو آبـــروی
فروزان شـــده تخت شاهی بدوی
منـــم گفـــت بـــا فرهـــی ایزدی
همم شـــهریاری همم موبدی[١٠]

بەڵام کاتێک بـــاس دێتە ســـەر فەرمانڕەوای ئەویـــدی هەم فەرمانڕەواکـــە ئەکاتە ئەژدیها و هەم بارودۆخی وڵات و سیستمی حوکمڕانی ڕەش و قێزەون دەکات، ئیتر پێدا هەڵکوتان و بەرزکردنەوە و ستایش کردن واتای نامێنێت،

چوونکــە فرمانــڕەوا نوێنەری فــارس نییە و نوێنەری ئەویدییەکەیەتی و ســتایش کردنی بە واتای ســتایش کردنــی ئەویدییەکەیان و قبووڵ کردنــی کۆیلایەتی بــۆ ئەویدیکەیان دێتــە ئەژمــار. لێرەوەیە یەکــەم هەنگاوی ســڕینەوەی کورد لە لایەن فارســەوە و هەر لە فردەوسییەوەیە لە زێهنییەت و مەنتەڵیتە و بەکگراوەنــدی فارس پڕ دەبێت لە دژایەتی کورد و ڕەتکردنەوەی کورد، لە هەمان کاتیشدا وەخــۆ گرتنی کورد وەکــوو ئێرانی کەونارا و تێکەڵ بە چیرۆکەکانیان و درووســت کردنی خزمایەتیی خوێنی لەنێوان کورد و پارســدا، چوونکە بەگشتی زەواج لە کانتێکستی ئێرانیدا بەدرێژایی مێژوو ئامرازێک بووە بۆ ڕاکێشان و وەخۆ گرتنی ئەویدیی پارس بۆ ســڕینەوەی. ئێرانی هێرش دەکاتە ســەرت و لەت و پارت دەکات و کۆلۆنیزەت دەکات و کاتێک شکستی پێ هێنای بۆ ڕاکێشــانی ســەرنج و هەروەها بۆ پێشــگرتن لە سەرهەڵدانەوە و دژبەر بوون زەواجت لەگــەڵ دەکات. نموونەی ئەم جۆرە زەواجانــە گەلێک زۆرن. بــۆ نموونە زەواجی زاڵ و ڕوودابــە، بیژەن و مەنیژە، ســیاوەش و جەریرە و... کە هــەر هەموویان پێکهێنانی ژیانی هاوبەشین لەگەڵ دوژمندا.

پادشاهی ضحاک

چو ضحاک شــد بر جهان شهریار
بر او ســاليان انجمن شــد هزار
سراســر زمانــه بــدو گشــت باز
برآمــد بــر ایــن روزگار دراز
نهــان گشــت کــردار فرزانگان
پراگنــده شــد کام دیوانــگان
هنــر خوار شــد جادویی ارجمند
نهــان راســتی آشــکارا گزنــد
شــده بر بدی دســت دیوان دراز
به نیکی نرفتی ســخن جز به راز
دو پاکیــزه از خانــه‌ی جمشــید
بــرون آوریدنــد لرزان چــو بید
که جمشــید را هر دو دختر بدند
ســر بانــوان را چــو افســر بدند
ز پوشــیده‌رویان یکــی شــهرناز
دگــر پاکدامــن بــه نــام ارنواز
بــه ایــوان ضحــاک بردندشــان
بــر آن اژدهافــش سپردندشــان
بپروردشــان از ره جادویــی
بیاموختشــان کــژی و بدخویی
ندانســت جــز کــژی آموختــن
جز از کشتن و غارت و سوختن[١٠]


## سڕینەوەی ئەویدی ئێرانییەت

**یەکەم: یان ڕاستەوخۆ دەیانکوژێت و لەناویان دەبات.**

هەر لە هێرشــی هخامەنش بۆ ســەر مادەوە بگرە تــا هەنووکە، پارس بــە زێهنییەتێکی داگیرکارانە و ســڕینەوە و ئیعتراف پێنەکردن لەگــەڵ کورد ڕووبــەڕوو دەبنــەوە، چوونکە تــەواوی بینــای ئایدۆلۆژیا و هــزری ئێرانی لەسەر پەیکەرە ئێسقانی کوردی مادی بونیاد نراوە و تــا کاتێک ئــەوان دەتوانن گەرەنتی بوونیان بکەن کــە ئەویدییەکەیان لە دۆخی ون بوون و نەبووندا بهێڵنەوە.

بەدرێژایی مێژوو کوشــتن و لەناو بردن، یەکێک لە سیاسەتەکانی ئێرانییەکان بووە لە بەرانبەر ئەویدییەکەیاندا(کوردی مادی).

هەر لە یەکــەم هەنــگاوی زاڵ بوونیان بەســەر مادەکاندا تەواوی ئاســەواری مادیان یان لەناوبرد یان بەناو پارســەوە تاپۆیان کرد، ئاستیاگیان کوشت و کردیشیان بە دێوەزمە، شۆڕشی گێئۆماتا کە سەرهەڵدانی پاشماوەی مــادەکان بوو بــۆ گەڕاندنەوەی ســەروەریی سیاسی و دەســەڵاتی مادی بە دڕندانەترین شــێواز لەت و پار کرد و ...لە شۆڕشی نوێی کوردستانیشدا هەر ئەو ترسە لە سەرهەڵدانی کوردی هەیە و بەردەوام سیاسەتی لەناو بردن یەکێک لە ســتراتژییەکانیان بووە لەبەرانبەر کوردستاندا. بۆ نموونە لە ڕۆژی هەینی ٢٧ی
















خەرمانانی(شـــهریور)١٣٠٤دا لە ســـەردەمی ئەمارەتی خەزاعی لە لۆرستاندا سێزدە کەس لە ســـەردارانی لۆرســـتان بە ناوەکانی میرزا ڕەحیم خان مۆعینۆلسەڵتەنە،چاخرۆند جێگری حکوومەتـــی خوڕەمـــاوا، شـــێرمحەمەدخان ئیلخانی سەگوەند، غولامعەلیخان بەیرانوەند، وەلییولا خان، لەتیف خـــان، محەمەد عەلی خان، ســـەید مێهدی خان بەیرانوەند، سەید عەبدولحوســـەین بەیرانوەنـــد، کوێخـــا عەلی ســـەبزە عەلی و کورەکەی، کوێخا ئەبداڵ لە لایەن ڕەزاخانی میرپەنجەوە لەسێدارە دران[٣]


هەروەها لە ژینوســـایدێکی بە تەواو مانادا لە ســـاڵەکانی ١٣٠٣ تـــا ١٣٠٦ " پۆل پۆل خەڵکی لوڕ و بەختیاری بە ئەماننامەوە دەبران بۆ تاران و لەوێ تیرباران دەکران"



کاتێـــک ڕەزا میرپەنـــج ناتوانـــێ شۆڕشـــی سمکۆی شکاک بە هێرشـــی سەربازی لەناو ببات، جارێکیتر پەنا دەباتەوە بۆ فێڵ لێکردن لەویدییەکەی و بەناوی وتووێژەوە بانگهێشتی دەکا و ژارخواردی دەکا و شەهیدی دەکات.









بۆ پێشەوا قازی محەمەدیش کە چیرۆکێکی ئاشنایە بۆ هەموومان، کاتێک سپای حەمەڕەزا شا هێرشێکی دڕندانەی کردەسەر کۆماری ئازەربایجان و بە هەزاران کەسی قەتڵوعام کرد، پێشەوا قازی بۆ ئەوە خەڵکی کوردستان تووشی ئەو کێشە نەبنەوە بڕیاریدا لەگەڵ حەمەڕەزا شا بکەوێتە وتوویژەوە و کێشەی کورد بە وتوویژ چارەسەر بکات. هەرچەند سەرەتا حەمەڕەزاشا وەعدی بە پێشەوا دابوو کە بە وتوویژ کێشەی کورد چارەسەر بکەن، بەڵام ئەمە تەنیا فێڵ و خودعەیەکی باب و باپیرانی بوو بۆ ئەوە جارێکیتر بەشێوازی ئێرانی(کوشتنی ئەویدی و لایەنی دیکەی وتوویژ) وتوویژ بکات و لە ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٢٦ی هەتاوی لە گۆڕەپانی چوارچرا لەسێدارەیان دا.

دوکتور قاسملووی شەهیدیش پاش ئەوە بە نێوەندگیری بەڕێزان تاڵەبانی و نەوشیروان مستەفا ڕازی دەبێت لەگەڵ کۆماری ئیسلامیدا بۆ چارەسەر کردنی کێشەی کورد بکەوێتە وتوویژەوە، لە سەر مێزی وتوویژ بە شێوازی ئێرانی وتوویژی لەگەڵ دەکەن و ترۆری دەکەن.

ئەم کوشتن و لەناو بردنە کوشتنێکی ئاسایی و وەکوو قەتڵێکی ئاسایی نێوان دووکەس نییە، ئەمە لە ئاکامی نەبوونی بڕوا بە لۆژیکی وتوویژە لە ناو نەتەوەی فارسدا و زاڵ بوونی زێهنییەتی سڕینەوەی ئەویدییەکەیانە کە لە یەکەم چرکەساتی درووست بوونیاندا بە سڕینەوەی ئەو بوونی خۆیان بونیادناوە. ئەم کوشتن و لەناو بردنانە تەنیا کوشتنی تاکێکی کورد نییە، بەڵکوو کوشتنی مەیل و ئیرادەی نەتەوەیەکە بۆ بوون، کوشتنی فەلسەفەی ڕزگاری نەتەوەیەکی بندەستە کە دەیهەوێت لەژێر هەژموونی ئەویدییەکەی خۆی ڕزگاری بێت، ئەمە کوشتنی مەیل و حەز و خولیای نەتەوەیەکە کە دەیهەوێت پانتای خۆی بونیاد بنێت و لەژێر پانتای ئەویدییەکەیدا ڕەها ببێت.

**دووهەم: یان ئەویدییەکانی ملکەچ دەکات و وەخۆیان دەگرێت.**

چیرۆکی کاوەی ئاسنگەر کە کاراکتەرێکی کوردە لە چیرۆکی کۆن و لە گۆڕەپانی هزری ئێرانیدا وەکوو کەسایەتییەکی ئەفسانەیی بەرجەستە دەکرێتەوە، وەخۆ دەگیرێت، چوونکە کاوە ڕیفۆرمیستێکە لە پانتای ئێرانییەتدا یاغی بووە نەک لە دژی ئێران وەشەڕ هاتبێت. کاوە نە باسی شوناسێکی جیا لە شوناسی ئێرانی(بۆ نموونە کورد) دەکات، نە باسی خاک و نیشتمان و دەسەڵاتی جیا لە ئێران دەکات، بەڵکوو لەناو پانتای ئێرانیدا لەتاوی ناعەدالەتی دەسەڵات وەتەنگ هاتووە و بۆ بەختەوەری "منی ئێرانی" یاغی بووە نەک بۆ ساز کردنی "منی کوردی". ((یان چیرۆکی

دایکی کورش کە دەگوترێت مادە و کوردە، تەنیا بۆ وەخۆگرتن و خستنە ژێر ڕکێف و ئاشت کردنەوەی کوردە لە ناو زێهنییەتی ئێرانیدا ساز کراوە. هیتز دەڵێت کەواتە چیرۆکی شازادە مەندانا و لەدایکبوونی کورش ئەفسانەیە. دایکی کورش مادی نەبووە ... ئەم گێڕانەوەیە ڕەگ و ڕیشەی سیاسی هەیە و بۆ ئاشتکردنەوەی مادەکان لەگەڵ فارسەکان دروستکراوە)). [١٠]

هەروەکوو لەسەرەوە ئاماژەم پێدا عەقڵییەتی سیاسیی ئێرانی و هزری ئێرانشاری عەقڵییەتێکی پاوانخواز و دوگم و نادیموکرات و یەک دەنگە کە ناتوانێت ئێعتراف بە بوونی ئەویدیی خۆی(کورد) بکات، چوونکە ئێرانییەت ئایدۆلۆژیایە نەک خاک و نیشتمان، ئایدۆلۆژیاییێکە بۆ داگیرکردنی خاک و جوگرافیا و مرۆڤەکانی سەر ئەو جوگرافیایە وەکوو کۆیلە. بەپێچەوانەی کوردستان کە ناوی خاک و نیشتمانی کوردستانە، ئێرانییەت ئایدۆلۆژیای پارسییە بۆ داگیرکردنی خاک و نیشتمانی کوردەکان و... لێرە بە پێویستی دەزانم جارێکیتر ئاماژە بکەمەوە بە ڕوانگەکەی باختێتین لەوێدا کە دەڵێت ((بەپێچەوانەی ئایدۆلۆژیا کە ئەویدی ڕەت دەکاتەوە، چەمکی ئەویدی لەگەڵ چەمکی دیالۆگ تێکڵاو دەبێت. دیالۆگ بەواتای ئەوە نییە کە من بوونی کەسێکیتر وەردەگرم، بەڵکوو زۆر سەرترە لەوە، دیالۆگ بە واتای شکاندنی ڕۆڵی سەرتر و دیاری منە، بەجۆرێک کە ئەویدییش کەسێکی هاوسەنگی من بێتە ئەژمار بەبێ ئەوەی لە پەرزەوانی ئیدئۆلۆژی منەوە تێپەڕێت و قسەکانی ببیسرێت)).[٢] کاتێک دەڵێین ئێرانییەت ئایدۆلۆژیایە یەکەم دەرهاویشتە و ئاکامی ئایدۆلۆژیا ڕەتکردنەوەی ئەویدی و داخستنی دەرگای دیالۆگ و بە حەقیقەت زانینی خۆیەتی و ئەگەر ئایدۆلۆژیا بچێتە دیالۆگیشەوە بۆ بیستنی دەنگی ئەویدی نییە، بەڵکوو بۆ فەرز کردنی خۆی و ملکەچ کردنی ئەویدی دەچێتە دیالۆگەوە. ئەگەریش نەیتوانی ئەویدییەکەی ملکەچ بکات و لە ناو منی ئێرانیدا بیتوێنێتەوە، لەناوی دەبات.

لە ئایدۆلۆژیای ئێرانیدا وەخۆ گرتن یەکێک لە تاکتیکە هەرە بەناو بانگەکانیانە و بەردەوام هەوڵ ئەدەن بە خستنە ژێر ڕکێف و خستنە ژێر کاریگەریی تاک بە تاکی کۆمەڵگا، پێش بە دروست بوونی ئەویدی و ناچار بوون بە دیالۆگ و ئێعتراف پێکردن بەویدی بگرن. هەر لەبەر ئەوە ئایدۆلۆژیای ئێرانی بەرەو هەموو لایێک پەل دەهاوێژێت لە هەر سووچێکی ئەم دنیایەدا بێت و لە چوارچێوەی هەر ئایدیا و فکرێکدا بێت، تەنیا بە یەک ئامانج لێت نزیک دەبێتەوە، ئەویش ڕاگرتنت لەژێر کاریگەریی ئایدۆلۆژی ئێرانیدا. جیاوازییەک کە ئایدۆلۆژیی ئێرانی لەگەڵ ئایدۆلۆژییەکانی دیکەدا هەیەتی ئەوەیە کە بۆ نموونە لە ئایدۆلۆژیی ئیسلامیدا حەتمەن دەبێت موسڵمان بیت و چوارچێوەی ئیسلامیت قبووڵ کردبێت تا وەکوو ئیماندارێک وەربگیرێیت، بەڵام ئایدۆلۆژیای ئێرانی ئایدۆلۆژیاییێکی بێ چوارچێوە و ئوسلوب و بێ یاسایە. ئەگەر لە بواری هزرییەوە مارکسیستێک بی، سۆسیالیستێک بی، لیبراڵ بی، شیعەی دوانزە ئیمامە بی یان سوننییەکی سەلەفی، گرینگ نییە، لایەنگری وەلایەتی فەقێ بی یان ڕەزا شا یان وێرانشاری و... و لە بواری ئیتنیکیشەوە فارس، تورک، کورد، عەرەب یان بەلوچ بیت گرینگ نییە، ئەم ئایدۆلۆژیایە وەخۆت دەگرێت. تەنیا دەبێت لە قۆناغی یەکەمدا دژی ئێرانییەت نەبیت و هزری ئێرانییەت قبووڵ بێت، ئەم ئایدۆلۆژیایە لە پرۆسەیەکی درێژخایەندا پێکهاتەی فکریت هەڵدەتەکێنێت و کۆلۆنیزەت دەکات و فۆرمی دڵخوازی خۆی دەسەپێنێت بەسەرتدا. ئایدۆلۆژیای ئێرانی لەسەر ئەم سێ کوچکەی خوارەوە دامەزراوە و هەموو پرۆسەکانی ئاسمیلاسیۆن و پرۆژە کۆلۆنیالیستییەکان

بۆ پاراستنی ئەم سێ کوچکە دامەزراون و هەر ڕەوتێکی فکری و سیاسی و ئایدۆلۆژیکی و پێکدادانێکی نێوخۆیی لەناو ئایدۆلۆژیی ئێرانیدا درووست دەبێت، شەڕ و پێکدادانە بۆ پاراستنی ئەم سێ کوچکە و هیچکام لە ڕەوتە فکری و سیاسییەکان لەسەر ئەم بازنە ناوەندییە مشتومڕ ناکەن و هەموویان کۆکن لەسەر ئەم سێ خاڵە. ١ دەوڵەت-نەتەوەی فارس، ٢ پاراستنی بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەی فارس، ٣ پاراستنی یەکپارچەیی خاکی وڵاتی دەستکردی ئێران کە ئەم یەکپارچەییی ئێرانیشە فۆبیای نەتەوەی فارسە، چوونکە ئەگەر ئێران بگەڕێتەوە بۆ قۆناغی سرووشتیی خۆی و دابەش ببێتەوە، ئاسایشی خۆراک و ئاوی نەتەوەی فارس بەشێوازێکی جددی دەکەوێتە مەترسییەوە و نەتەوەی فارس لە نەتەوەیەکی حوکمڕان و ملهۆڕەوە دەبێتە نەتەوەیەک کە ڕەزیلانە بۆ ئاوی خواردنەوەشیان دەبێت لەدەرگای ئەم و ئەو بدەن. بەڵام لەم دۆخی هەنووکەییەدا بە پرۆژەی کۆلۆنیالیستی هەرچی ئاو و سامانی نەتەوە ژێردەستەکان هەیە هەمووی خستووەتە خزمەت بەرژەوەندییەکانی خۆیەوە و سامانی نەتەوە ژێردەستەکانی کردووە بە ئامرازی سوڵتە و بندەست هێشتنەوەی نەتەوەکانی دیکە. لە دانیشتنی ڕۆژی ۰۱,۰۴,۱۴۰۱دا موحسن مەنسوری پارێزگاری تاران وتی کە ((حەفتاد لە سەدی سەروەت و سامانی ئێران لە تاران کۆ بووەتەوە)). [١١] و ئەمەی وەکو زەرفییەتی شاری تاران هێنایە ئەژمار نەک وەکوو تاڵان کردنی سامانی نەتەوە ژێردەستەکان.

بەگشتی لە بابەتی وەخۆ گرتن یان لەناو بردنی ئەویدی لە ئایدۆلۆژیای ئێرانیدا، تەنیا نەتەوە غەیرە فارسەکان چ وەکوو تاک چ وەکوو کۆ ئامانجن، چونکە تەنیا ئەوانن کە ڕەنگە لە کۆڵەکە سەرەکییەکانی ئایدۆلۆژیی ئێرانیدا تووشی کێشە و دوو دڵی ببن یان هەر لە بنەڕەتدا دژی ئایدۆلۆژیای ئێرانی بن. لە ئایدۆلۆژیای ئێرانیدا ئەو سێ کوچکە هێڵی سوورن و جێگای مشتومڕ نیین و کاتێک مەترسیی ساز بوونی ئەویدی پەیدا دەبێت کە هێڵە سوورەکان ببەزێنرێن و پرسیار لەسەر ئەو بازنە ناوەندییە درووست بکەن.

ئایدۆلۆژیای ئێرانی بە هەموو ڕۆخسارەکانییەوە لە هەر سووچێکی ئەم دنیایەدا بێت بەو مەبەستەوە سیاسەت دەکات کە هەژموونی خۆی بە سەر زێهن و فکری نەتەوەکانی دیکەی ناو جوگرافیای ئێران درێژە پێبدات تا بەو جۆرە پێش بە شکڵ گرتنی ئەویدی بگرێت. یەکێک لەو فۆرمانەی کە ئایدۆلۆژیای ئێرانی دان بە ئەویدییەکەیدا دەنێت، ئەویدیی "شتە". ئەویدی کاتێک واتای هەیە کە بوونی هەبێت، زیندوو بێت، وڵامدەر بێت، بچێتە دیالۆگەوە، دانی پێدا بنرێت و...، بەڵام لە دنیای تۆتالیتەری تەکبێژدا وەکوو چۆن باختین وەکوو تێکستی تەکبێژ و تەک دەنگ ناوی دەبات، تەنیا یەک زانیاری و یەک دەنگ بوونی هەیە و، زانیاری و دەنگەکانی دیکە ئۆبژەی ئەمن. کورد لە پانتایی ئێرانییەتدا ئەویدی "شتە" و شتیش بێ ڕۆح و بێ زمان و بێ ناوەرۆکە و شیاوی ئەوە نییە وەکوو ئەویدی بخرێتە پێگەیەکەوە کە لە ئاست ئەویدییەکدا دانی پێدا بنرێت و دیالۆگی لەگەڵ بکرێت. کورد لە ئایدۆلۆژیای ئێرانیدا هەیە، بەڵام وەکوو ئەویدیی "شت" و ئەویدی بێ ڕۆح و بێ زمان و کاڵایێکی ئێرانی.

### ئایدۆلۆژیای ئێرانی تاکەی دەتوانێت تەگەرە بخاتە بەردەم ساز بوونی ئەویدییەکەیەوە؟

جان لاک لە کتێبی ڕیسالەیەک لەبارەی حکوومەتەوە دەڵێت ((مرۆڤێک کە هەوڵ دەدات کەسێکی تر بخاتە ژێر دەسەڵاتی ڕەهای خۆیەوە، خۆی خستووەتە حاڵەتی

شەڕەوە لەگەڵیدا. وەها کردارێک دەریدەخات کە بەنیازی کوشتنی بووە. لێرەوە بەو ئەنجامە دەگەم کە ئەو کەسەی بەبێ ڕەزامەندیی من بمخاتە ژێر دەســەڵاتی خۆیەوە، وەک خۆی دەیەوێت بەکارم دەهێنێت، هەرکات بیەوێت وێرانم دەکات. چونکە کەس نایەوێت بمخاتە ژێر دەسەڵاتی ڕەهای خۆیەوە، مەگەر بیەوێت بەبێ ڕەزامەندیی من ئازادیم لێ بسەنێتەوە و بمکاتە کۆیلەی خۆی. تاکە گەرەنتی مانەوەم ئەوەیە کە خۆم لەم جۆرە ستەمکارییە ڕزگار بکەم؛ عەقڵ دیکتە دەکات کە هەرکەســێک بیەوێت ئازادیم لێ بســێنێتەوە، کە پاسەوانی مانــەوەی منە، بــە دوژمنی خۆمــی دەزانم. بۆیە ئەو کەســەی هــەوڵ دەدات من بکات بە کۆیلەی خۆی، خۆی خســتووەتە حاڵەتی شەڕەوە لەگەڵمدا. ئەو کەسەی لە حاڵەتێکی سرووشتیدا بەنیازی دەستبەسەرداگرتنی ئەو ئازادییە بێت کە هی هەموو ئەو کەسانەیە کە لەو حاڵەتەدا دەژین، دەبێت دڵنیابێت لەوەی کە بەنیازە دەســت بەســەر هەموو شتەکانی دیکەشــدا بگرێــت، چونکە ئــازادی بناغە و بنەمای هەموو شتەکانی ترە)). [10]

بەپێــی ئــەم وتەیەی جــان لاک، ئێمە لــە دۆخــی شــەڕێکی ســەپێنراوداین و ئەویدییەکەمان چ وەکوو سیســتمی سیاسی و چ وەکوو ئایدۆلۆژیا و چ وەکوو ڕۆشــنبیر و چ وەکــوو چالاکوان بە هــەر ئامرازێک لەبەر دەســتیاندا بێت هەوڵی بەرتەسک کردنەوەی ئازادییەکانمــان دەدەن، هــەر لەبــەر ئەوە شــەڕێکی ڕانەگەیێندراو لەدژی ئێمەی کورد لــە ئارادایە. لە وڵامی ئەم شــەڕەدا کورد چ گوتارێک هەڵدەبژێرێت؟ و چۆن خۆی پێناسە دەکاتەوە؟ ئایا دەیهەوێت وەکوو نەتەوەیەک و وەکوو "منی کوردی" دیسکۆرســی سیاسیی خــۆی هەڵبژێرێت یــان وەکــوو پاژێک لە ئەویدییەکەی؟ کــورد بۆ خەبات دەکات، ئایا دەیهەوێت لە دۆخی داگیر بوون و بندەستی ڕزگاری بێت یان هەنــدێ ئامانج و تەماحی ئابــووری هەیە؟ ئایا کورد لــە پانتای "منی ئێرانیدا" دەتوانێت دۆخی بندەســتی کۆتایی پــێ بێنێت؟ وڵامــی ئەم پرســانە دەتوانێت دیسکۆرسی سیاسیی ئێمەیش دیاری بکات، دەتوانێت وزەکانمان خڕ بکاتەوە بۆ ئامانجێکی دیاریکراو. لێــرەدا بمانهەوێت یان نە ئێمە لە شەڕێکی ســەپێنراوداین و بمانهەوێت یان نە لایەنــی بەرانبەر بە لۆژیکی هێز و ســڕینەوە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە و پەنا بردنی ئێمەیش بۆ درووشــمی بریقەدار و دابەزاندنی ئاســتی داخوازییەکانمــان و بردنە ژێر ڕکێفی " منی کوردی" بۆ ژێر سێبەری پانتای "منی ئێرانی"، تەنیــا هێمای لاوازی و بــڕوا بەخۆ نەبوونە و هیچ دەستکەوتێکی سیاسیشی نابێت.

لــە ڕوانگــەی فەیلەســوف ئیمانوێــل لۆئیناســەوە ((ڕۆحــی من، چونکە ســەیری یەکێکــی تر دەکات، لە بەرانبەریدا هەســت بــە بەرپرســیارێتی دەکات و لێرەدایــە کە پەیوەندییەکی ئەخلاقی دروست دەبێت)) لە ڕوانگەی لۆئیناسەوە ((ڕووداوەکانی سەدەی ڕابــردوو وەک شــەڕ، دژایەتــی جوولەکــە، پێکدادانی شارســتانییەتەکان دەگەڕێتەوە بۆ پشتگوێخستنی "ئەویدیکە و ئەویدیکە بووەتە "ڕووخساری بێ دەموچاو)). [4]

ئێرانییەکان بۆ یەک ســەدە و نیو پێگەی باندەستییان بەدەستەوەیە،بەردەوام پیلانگێڕی دەکەن بۆ پێشــگرتن لە گەشــەی شوناسی نەتەوەیــی و کوردســتانی و ســەرهەڵدان و گەشــەی شوناســخوازی و ســەربەخۆیی و ڕزگارکردنی کوردســتان لــە کۆلۆنیزەکردنی ڕاســتەوخۆ و داگیر بوون. ئێســتا کوردستان خــۆی بۆ قۆناغــی خۆباوەڕیــی کولتووری و فەرهەنگی و ساز کردنی دیسکۆرسی نەتەوەیی ئامــادە دەکات. بۆ گەیشــتن بــەم ئامانجە کوردستان پێویستی بە دیالۆگ و دان پێدانان هەیە و زۆر بەپەرۆشــە بــۆ بنیاتنانی پێگەی خۆی لەسەر شانۆی نێودەوڵەتی و لە جیهاندا. تیشــک خستنەســەر ئەو جیاوازییانەی کە

شوناس و ناسنامەی کوردستانی پێکدەهێنن کاتێک بایەخدار دەبێت کە "ئەویتر"ی ئێرانی لە پانتای کوردی و فەلسەفەی سیاسیی کورد و زێهنییەتی کوردیدا شکڵی گرتبێت. بەڵام ئێستا پانتای ئێرانی لە دۆخێکی باشتردایە، پێشوازی لە نەهێشتنی کۆنتراستەکان دەکات بۆ وەخۆ گرتنی "منی کوردی" لە پانتای "منی ئێرانیدا". ئێستا ئێرانییەت لە پێگەیەکی هەژموونیدایە و ڕۆڵێکی باڵا و دەستی باڵای هەیە، مەبەستی نییە و نایەوێت مەودای نێوان خۆی و ئەویدیکەی کورد ئەوەندە تەسک بێت کە هەژموونی ئەو کاڵ ببێتەوە و نایەوێت ئەم ڕووبەڕووبوونەوەیە ئەوەندە جددی بێت کە کوردەکان بخاتە دۆخێکەوە کە شوناس سازی بکەن، بۆیە دەبێت ئایدۆلۆژیای ئێرانی بەردەوام ڕۆڵی ناوەند بگێڕێت. شێوازی دارشتن و ئەندازیاری کردنی ئەم ناوەندە لە زۆرێک لە بەرهەمەکاندا لەلایەن بیرمەندان و نووسەران و چالاکانی ئێرانییەوە ئاماژەی پێکراوە، ئەویش هەتا هەتایی کردنی بندەستییە لە ئەویدییەکەیاندا و بەجۆرێک دەیانهەوێت ئەم ناوەندە ئەندازیاری بکەن کە خەون و خولیا و ئاواتی کورد لەجیاتی بنیاتنانی شۆناسی کوردستانی یان فرانتس فانوون گوتەنی ((چالاکییەکانیان(کوردەکان) چڕ بکەنەوە سەر ئەوە کە وەکوو ئێمەیان(فارسەکان) لێبێت نەک لەپێشمان بکەون)). [۷] (هەڵبەت فانوون بۆ دۆخی بندەستیی ئەلجەزایر و کۆلۆنیالیزمی فەڕەنسا ئە دێڕە دەنووسێت).

## ئەنجام

کۆلۆنیالیزمی ئێرانی زۆرترین هەوڵەکانی چڕ کردوەتەوە سەر ئەویدیی نزیک و دەیهەوێت بە هەر جۆرێک بووە نەهێڵێت ئەویدیی نزیک بێتە خانەی بوونەوە و لەژێر هەژموونی خۆیدا ڕایگرێت. لە نێوان دوژمنی دوور و دوژمنی نزیکدا جیاوازی زۆرە کە ئەم جیاوازییانە دەتوانێت شێوە و ئاستی تەرکیز کردن و توندی ڕووبەڕووبوونەوە لەسەر دوژمن دیاری بکات. لە هەمان کاتدا دەتوانیت جیاوازی دابنێت لە سەر ئەویترێک کە لە فەزای گوتاری ئێوەدا جێگایان نییە لەگەڵ ئەویترێک کە لە دۆخی کێبرکێیی و شاخ بە شاخ بووندایە لەگەڵتدا. کورد لە ئایدۆلۆژیای ئێرانیدا ئەویدیی نزیکە کە لە فەزای گوتاری یەکتری و لە دۆخی کێبڕکێیی و شاخ بە شاخدان لەبەر ئەوە زۆرترین تەرکیزی لە سەر ئەویدی کوردەکەیەتی و ئەم ڕووبەڕووبوونەوە مومکین نییە بەبێ توندوتیژیش کۆتایی پێبێت.

بۆ ئەوە کورد بتوانێت ڕزگاری ببێت دەبێت "منی کوردی"ی خۆی بونیاد بنێت و "منی کوردی" شت کراو و لە مرۆڤ کەوتوو و سازکراوی ئێرانی وەلا بنێت. کورد دەبێت باش بزانێت لە دۆخی شاخ بە شاخ و لە فەزای گوتاری ئێرانیدایە و بەرژەوەندییەکانیان دژ بە یەکن و دەبێت بە تێئۆری و پشتوانەیەکی مەعریفی بەهێزەوە لەو شاخ بە شاخ بوونەدا بەشداری بکات.

## سەرچاوەکان


١. آگامبن، جورجیو . کودکی و تاریخ، ترجمه پویا ایمانی، تهران: نشر مرکز.

٢. باختین، میخائیل. (١٣٨۴). تخیل مکالمه‌ای. ترجمه رویا پور آذر. تهران: نشر مرکز.

٣. بیات، کاوه، ١٣٧٧ عملیات لرستان، اسناد سرتیپ محمد شاه بختی ١٣٠٣ و ١٣٠۶ تهران: چاپ شیرازه

۴. علیا، مسعود. کشف دیگری همراه با لوئیناس. تهران: نشر نی ١٣٨٨

۵. تودورف، تزوتان. منطق گفتگویی میخاییل باختین . ترجماة داریاو، کریمای. تهران: نشر مرکز.

۶. پیر، هنری . (٢۵٣۶ )، ژان پل سارتر، ترجمه احمد میرعلایی و ابوالحسن نجفی، تهران، نشر زمان.

٧. فانون، فرانتس. دوزخیان روی زمین. ترجمه شریعتی، علی.

٨. قادری، زکریا(هێرش). عقل سیاسی ایرانی و هویت خواهی کردها. چاپ سوئد.

٩. گاردینر، مایکل. (١٣٨١)، « تخیل معمولی باختین»، ترجمة یوسف اباذری، ارغنون، شماره ٢٠

١٠. لاک، جان . رساله‌ای درباره حکومت. ترجمه: عضدانلو، حمید. نشر نی.

١١. فردوسی، ابولقاسم. شاهنامه.

12. https://bit.ly/3ylfvtN